به ناوی کوردستانی گەورە !

# کورد و هەڵپەڕکێ !

ح. سۆران
soran909@hotmail.com

هەڵپەڕکێ چەشنە سەمایەکە، کە لە نێو زوربەی گەلانی جیهاندا هەیە. کوردیش وەک گەلێکی رەسەن و مێژویی، چەشنە هەڵپەڕکێی چۆربەجۆری خۆی هەیە، کە بۆ وێنە هێندێک لەو هەڵپەڕکێیانە، ئەمانەن :چۆپی، رۆینە، داغە، شێخانی، سێ پێیی و ...

بەڵام شتێک کەلە ساڵانی رابووردو دا، بە ژیانەوەی هەستی نەتەوایەتی کورد، سەرنجی خەڵکی جێهانی بۆ لای خۆی راکێشاوە، چەشن و رەوتی هەڵپەڕکێی کوردی نیە، بەڵکە ئەمەیە، کە بۆچی کوردە کان لە بچووکترین کات و جێگە، بۆ هەڵپەڕکی کەڵک وەردەگرن ؟.

رەنگە زوربەی ئەو خۆشەویستانەی، کە ئەم وتارە دەخوێننەوە، پرسیاری سەرەوەیان لە خۆیان کردبێ کە" کورد بۆچی هێندە لەگەڵ هەڵپەڕیندا، نێوانی خۆشە"؟. بەڵام منیش بۆ ئەوەی کە بەڵگەیەکی زۆر زیندووتان لەو هەستە پێ بناسێنم، شتێکتان بۆ دەگێڕمەوە :

کاتیک لە ساڵەکانی ۱۹۷۰ دا لەندەن بووم، بە پێی بانگهێشتنی بەشی کوردی زانکۆی پاریس ( ریزدار خاتو ژۆیس بلاو) و کاک دوکتور کەندال، لە لەندەنەوە چووم بۆ پاریس، تا سەبارەت بە پەرتووکی کتێبناسی کوردی، کە تازە نووسیبووم و مەبەستگەلی دیکە، لە زانکۆی پاریس بۆ خۆێندکارانی بەشی کوردی قسەبکەم. سەرەتای مانگی بەفرانبار بو ، بە ئۆتۆبووس، لە لەندەنەوە چووم بۆ پاریس و بە هووڤێرکرافت لە بەرەگەی دۆڤێریDOVER ینگلیسەوە لە زەریای مانش پەرینەوە و لە بەرەگەی کالی Kallyفەرانسە دابەزین.

لە نێوان بەرەگەی کالی و شاری پاریسدا، ئۆتۆبووسەکە لە چێشتخانەیەک رایگرت، تا نەهار بخۆین. تەماشام کرد، لە سەر چیمەنی بەردەم چێشتخانەکە، قەرەباڵغێک هەیە، کە سەرنجی منی بۆ لای خۆی راکێشا. کاتێک لێیان چوومە پێشەوە، دیم گشتیا ن کوردن و بە گوڕ خەریکی هەڵپەڕینن. دو کەس گۆرانیان دەوت و بۆ یەکیان دەسەندەوە و ئەوانی دیکەش، چ ئافرەت چ پیاو هەڵدەپەرین، کابرای سەرچۆپیش زۆر عەجایەب لە کۆلی دەدا و بە دەسرەیەکی هاورێشم، رێبەری کۆڕی شاییە کەی بە ئەستۆوە بو. لە یەکێکیانم پرسی برا ئەم شاییە بە بۆنەی چیەوەیە، کابرا وەڵامێکی زۆر تەواوی داوە و وتی" بە بۆنەی ئەوەوە کە کوردین ". دەبێ ئەمەش بلێم، کە هەر کام لەوانە، خەڵکی پارچەیەک لە پێنج بەشەکەی کوردستانی گەورە بوون، بەڵام وەک من رێگەیان کەوتبوە ئەوێ و لەوێ خڕببوونەوە.

ئێستا کە ئەو باسەی سەرەوەم پێشکەش کرد، دەمەوێ وەک ئەندامێکی هەرە بچووک، لە کۆمەڵی مەزنی کوردەواری، بلێم بۆچی کورد وا نێوانی لەگەڵ هەڵپەڕکێدا خۆشە و لە کورترین کات و جێگە، بۆ هەڵپەڕکێ کەڵک وەردەگرێ:

۱- چون زوربەی کات لە ژیانی کۆمەڵایەتی و رامیاری خوی نارازی بوە، دەیەوێ بە هەڵپەڕکێ چەشنێک پرۆتیستوی بێدەنگ و پڕ بزاڤ نیشان بدا، بەوسکوتەوە داخی دڵی خۆی برژێنێ و بەڵگەش نەداتە دەستی زۆرداران - لە رساتیدا چەشنێک خۆپیشاندانی بێدەنگە.

۲- لە باری ژێنێتێکی و ناوچەییەوە، گەلێکی رەسەن و رەبەنە - وەک زەویەکی بوورەی نەکێڵراو وایە، کە پڕە لە هێز، وزە و ئێنێرژی و دەیەوێ بە چەشنێک ئەم هێزە قەتیسکراوە، دەربڕێ ( خاڵی بکا) و لەشی خۆشی بەمە، بە هێزتر دەکا.

۳- چون گەلێکی هەستیارە، ئەوین و خۆشەویستی بە شێکی سەرەکی لە ژیانییەتی و بۆ دەربڕینی ئەوینی شاردراوەی نێو دڵی، ئەم کارە دەکا.

٤- چون بە پێچەوانەی هێندێک لە گەلانی دیکە دژی پەژارە و گریانە و لاگری خۆشیە. بەڵگەی زیندوی ئەم وتەیە هەڵپەڕینی شیوەنە، کە پێی دەڵێن چەمەر چۆپی - یانی کورد بۆ دەربڕینی شیوەنیش، هەر لە هەڵپەڕکێ کەڵکی وەرگرتوە، کە چەمەرچۆپی ناوچەی مەلیکشاهی، لە ئێلام، یەکێک لەو نموونە پرمانایانەیە.

سەبارەت بەوەش، کە بۆچی کۆڕی هەڵپەڕکێی کوردی، بە پێچەوانەی گەڕانی کاتژمێر دەگەڕێ، پێموایە چون هەمیشە کات دژی کورد چەرخاوە، کوردیش دەیەوێ بە گەڕان بە پێچەوانی چەرخی کاتژمێر، تۆلە لە کات و زەمان بکاتەوە.

## ئایا جێگەی کولۆ بەرد نیە !!!I.

دیارە رەنگە بۆچوونی زۆر جوانی دیکەش لەم بەستێنەدا بێ، کە من بیرم پێیان رانەگەیوە یا رەنگە هێندێک لە خۆشەویستان لەسەر راستکردنەوەی ئەم بۆچوونانە تێبینیان بێ، کە جێی خۆیەتی بیر و رای خۆیان دەربڕن، چون ئێستا ئەم مەبەستە بوەتە بنێشتی سەر زاران و روونکردنەوەی پێویستە ؟؟؟.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.